www.kurdistannet.org
19-3-2003 23:00

# دیموكراسی
# سەرەتا، بنەما، چەسپاندنی

**سەمەد ئەحمەد**

**دەستپێك**

دیموكراسیو كۆمەڵی مەدەنی، دوو چەمكی سیاسیو سۆسیۆلۆژین، ئەگەرچی هەریەكەیان لەبونیادو پێكهاتەدا چەمكێكی تەواو سەربەخۆو جیاوازن لەیەكدی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندییەكی ئۆرگانی لەنێوان دیموكراسیو كۆمەڵی مەدەنیدا هەیە، ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەكە كەرەنگە ئاسان نەبێت باسی هەریەكەیان بەبێ ئەویتریان بكەین.

دیموكراسیو كۆمەڵی مەدەنی، لەدێرزەمانەوە دوو چەمكی سەرنج راكێش بووە، كەم فەیلەسوفو بیرمەند هەیە لەتێزو نووسینەكانیاندا جەختیان لەسەر نەكردبێتەوە، یان لێی نەدوابن‌و بەهەند وەریان نەگرتبێت. هەر فەیلەسوفو بیرمەندێك لەچاویلكەو روانگەی تایبەتی خۆیەوە لێی روانیوە.

هەیانە كەمو هەشیانە زیاتر داكۆكیان لێكردووە، هەیانە پەسەندیان كردووە، هەشیانە دژی وەستاونەتەوە. بەڵام ئەوەی لەم مەسەلەیەدا جێگای سەرنجو بایەخە ئەوەیە كە زۆرێك لەبیرمەندو فەیلەسوفەكان (ئەوانەی ئەم سەردەمەشیان لەگەڵدا بێت) دیموكراسیو كۆمەڵی مەدەنی وەك دیفاكتۆیەكی سیاسیو كۆمەڵایەتی گرنگ بۆ مرۆ دەدەنە قەڵەم.

دیموكراسی كە بەشێكە لەزانستی سیاسەت، وشەیەكی یۆنانییەو بەمانای دەسەڵاتی خەڵك، یان نوێنەرایەتی خەڵكی دێت.

زۆرێك لەبیرمەندان سەرەتاو دەستپێكی سیستەمی دیموكراسی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ٤٦١ی پێش زاین، كە لەوڵاتی یۆنان‌و بەتایبەتی لەشاری ئەسینادا پیادەكرا، ئەمە بەردەوام بوو هەتا ئەوكاتەی كە مەكدۆنییەكان هێرشیان كردە سەر یۆنان‌و داگیریان كرد، بەداگیركردنی ئەسینا، تەواوی بنەماكانی دیموكراسی لەبەین بران، هەڵبژاردن‌و ئازادی رادەربڕین‌و دەسەڵاتی راستەوخۆی خەڵكی سنووردراركران.

دادگایی كردنی (سوكرات) و كوشتنی بەژەهر، شكۆی دیموكراسی یۆنانی هێنایە خوارەوە، ئەگەرچی هەندێ كەس دادگایی كردنەكەی (سوكرات) پەیوەست ناكەن بەرەوشی داتەپیوی دیموكراسی ئەسیناوە، بەڵكو زیاتر پەیوەستی دەكەن بەسروشتو پێكهاتەو كەلتوری ئەوسەردەمەی یۆنان‌و ئەوروپاوە، نەك خودی دیموكراسی.

دیموكراسی پەیوەندییەكی راستەوخۆی بەشارستانیو گەشەی كۆمەڵایەتییەوە هەیە، بۆ نموونە یۆنانییەكان كە خۆیان داهێنەری چەمكی دیموكراسین، نەیانتوانی وەكو یەك و لەهەموو شارێكدا سیستەمی راستەوخۆی حوكمی خەڵكی بچەسپێنن، لەم بارەیەوە هەندێ لەتوێژەران‌و مێژوونووسان پێیان وایە كە دیموكراسی تەنها لەشاری ئەسیناو تەنها لەماوەیەكی دیاریكراودا چەسپیو شارەكانی تری یۆنانی نەگرتەوە.

ئەگەرچی بەدرێژایی مێژوو ئێستاشی لەگەڵدابێت، لەهەمووكات زیاتر سیستەمی دیموكراسی لەگەڵ هەموو كەموكورتیو ناتەواوییەكانیدا، شیاوترین سیستەمی حوكمڕانییە، بەڵام هەمووكاتێك‌و لەهەموو جێگەیەك وەكو یەك لەئاستێكی جەماوەری گشتگیرو فراواندا پەسەندنەكراوە، بەپێچەوانەوە، بەدرێژایی مێژوو دیموكراسی چەندە لەلایەن خەڵكییەوە پشتیوانی لێكراوەو پیرۆز راگیراوە، لەوەزیاتر دژایەتی كراوەو ئاستەنگی جۆراوجۆری لەبەردەمدا قوتكراوەتەوەو ویستراوە لەباربرێت، ئەوەی جێگای سەرنجو تێرامانە ئەوە كە نەك تەنها دەسەڵاتداران، بەڵكو زۆرێك لەبیرمەندو فەیلەسوفەكانیش، لەتێزو نووسینەكانی خۆیاندا دژی سیستەمی دیموكراسی وەستاونەتەوەو بۆ گرتنەبەری دەسەڵات بەشیاویان نەزانیوە، لەوانە (ئەفلاتوون) و (سوكرات) ، بەشێوەی جیاجیا رەخنەیان لەدیموكراسی گرتووە.

لەروانگەی ماركسیزمیشەوە، دیموكراسی دەستكەوتێكی كاتی بۆرژوازییەو تاسەر ناتوانێت هەموو خواستەكانی مرۆڤی تیا بهێنرێتە دی.

لەهەموو قۆناغەكانی مێژوودا جیاوازی لەنێوان خەڵك‌و دەسەڵاتداراندا هەبووە، تەنانەت لەقۆناغی دیموكراسی راستەوخۆی ئەسیناشدا، بەڵام لەهەندێ قۆناغدا ئەم سنووربەندییە تارادەیەك كاڵ دەبێتەوەو لەهەندێ قۆناغی تردا تۆخ دەبێتەوە.

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەوڵدان بۆخەمڵاندنی كەشی ئازادو دیموكراسی، یەك شێوەی جێگیری نەبووە، بەچەندین فۆرمو ناوەڕۆكەوە تەمایش كراوە. هەمیشە بیرمەندان‌و فەیلەسوفەكان پێشەنگ بوونە لەهێنانەكایەو چەسپاندنی سیستەمی دیموكراسی لەكۆمەڵدا، بەڵام ئەوانیش لەبیركردنەوەو تێفكرینیاندا بۆ مەسەلەكانی مافی مرۆڤو حكومڕانی كردن‌و شێوازی بەڕێوەبردنی كاروباری سیاسیو ئابووریو بازرگانی وڵات جیاوازییان هەبووەو هەیە. لەهەندێ قۆناغداو لەلای هەندێ فەیلەسوفو بیرمەن رەوایی دەسەڵات‌و حكومڕانی وڵات تەنها بەشیاوی



www.kurdistannet.org

دەوڵەمەندو خانەدان، یان شاعیرو نووسەران زانراوە، لەوانە ئەفلاتوون لەکۆمارە خەیاڵییەکەیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو جەختی لەسەر دەکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدا بەشێوەی جۆراوجۆریش ڕێزیان لەهەژاران گرتووەو داکۆکیشیان لەمافەکانیان کردووە، بەڵام قسەکردنو دەستێوەردان لەکاروباری سیاسەتی وڵات بەکاری ئەوان نازانن، وای بەیان دەکەن کە سیاسەت سروشتو پێکهاتەیەکی تایبەتی هەیەو هەموو کەسێك بۆی نییە قسەی تیادا بکات، چ جای ئەوەی داوای بەشداریکردن لەحوکمی وڵاتدا بکات.

جگە لەمانە، زۆرجار جیاوازی نەتەوە، ڕەگەز، ئاین، فاکتەری بەهێزو خاڵی سەرەکی بوونە لەوەی کە هەندێ کەس بێبەش بکرێن لەقسەکردن لەسیاسەتو دەست وەردان لەکاروباری وڵاتدا، ئەمەش تەنها لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کاری لەسەرنەکراوە، بەڵکو لەلایەن روناکبیرانیشەوە داکۆکی لێکراوەو بەرەوا دراوەتە قەڵەم.

هەرلەم روانگەیەوەیە کە زۆرێك لەبیرمەندانی پۆست مۆدێرنە هەندێك لەرۆشنگەرە فەرەنسییەکان، ئەوانەی کە تێزو بیرکردنەوەکانیان کاریگەربی جەوهەری هەبوو لەگۆڕینی ڕەوتی مێژوودا، بەوە تاوانباری دەکەن کە نەیانتوانیوە بەتەواوی دیموکراسی بن. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت بڵێین: کە شۆڕشی فەرەنسا وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەسەر داخوازی خەڵکی بۆ خەملاندنو دواجاریش چەسپاندنی دیموکراسی، چونکە لەماوەیەکی کەمدا ئەوەی لەئەندێشەو هزری فەیلەسوفو بیرمەندانی فەرەنسادا لەسەر دیموکراسیو ئازادیو مافەکانی مرۆڤدا هەبوو، تەواوی وڵاتانی ئەورووپاو هەموو جیهانیشی گرتەوە.

هەندێك لەبیرمەندان پێیان وایە کە دیموکراسی لەڕووی سیاسییەوە دەستەواژەیەکی نوێیەو بۆ دوای شۆڕشی فەرەنسا دەگەڕێتەوە، بەڵام لەپێش ئەم مێژووەوە تەنها لەڕووی ئەدەبییەوە مانایەکی هەبووەو گفتوگۆو مشتومڕی لەسەرکراوە، بەڵام ڕاستیەك هەیە کە دەبێت دانی پێدابنێین ئەویش ئەوەیە کە جگە لەفەیلەسوفو بیرمەندانی فەرەنسی، چەند بیرمەندو فەیلەسوفێکی تریش ڕۆڵو نەقشیان هەبووە، لەهێنانە کایەی تێزی دروستو تایبەت لەمەڕ دیموکراسیو ئەندێشەی سیاسی لیبراڵدا، لەوانە فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆك ١٦١٩-١٧٠٤) (لۆك) پێی وایە بناغەی دەوڵەتی مەدەنی، تەنها لەسایەی سیستمێکی ئازادو دیموکراسیدا دروست دەبێت، لەبەرامبەر حکومەتی ڕەهادا، لەسەربنەمای پەیمان، یان ڕەزامەندی خەڵکی جێگیردەبێت، دەوڵەت ئەمانەتێکە لەلایەن خەڵکەوە دەدرێت بەدەسەڵاتداران، ئەگەر هەر دەسەڵاتدارێك ئەو ئەمانەتەی نەپاراست، ئەوا خەڵکی بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوەو ڕەگەزو ئاین، مافی خۆیانە لەدژی ئەو دەسەڵاتە بووەستنەوەو لەسەرکاری لابەرن. ئەم تێزەی (لۆك) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە وزەی دەسەڵاتی سیاسیو یاسایی لەخەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر خەڵکە ڕەوایی دەسەڵات دیاری دەکات، خەڵکیش لەبەرامبەر سیاسەتو یاسادا وەکو یەك یەکسانن.

لەگەڵ ئەم داکۆکیکردنەی (لۆك) لەخەڵکی، هێشتا ڕەخنەیەکی زۆر لەسەر بیرکردنەوەی بۆ دیموکراسی هەیە، بەوەی (لۆك) هەوڵدەدات کە خەڵکی وەك سەرچاوەی دەسەڵات ڕەسمییەت وەربگرێت، ئەو هیچ جیاوازییەك لەنێوان شێوە جیاجیاکانی دەوڵەت، کە لەسەر بنەمای ڕەزامەندی خەڵکی جێگیرن، نابینێت.

لەکۆی ئەم قسانەدا ڕاستیەکمان بۆ ئاشکرادەبێت، ئەویش ئەوەیە کە دیموکراسی بەبێ بەشداریکردنو ئامادەبوونی ئیرادەی خەڵکی لەکۆمەڵدا مانایەکی نییە. لەم دەروازەیەوە دەمانەوێت قسەیەکیش لەڕۆڵی خەڵکی لەگرتنە دەستی دەسەڵاتو خۆبەڕێوەبردن بکەین، بێگومان تەنها لێرەوەیە کە دەتوانین دیموکراسی ببینین، یان هەستی پێبکەین.

## دیموکراسی، خۆبەڕێوە بردن، نوێنەرایەتیکردن

مرۆڤ پێش ئەوەی ئاگر بدۆزێتەوە، بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکارو هەموو وەکویەك لەئەشکەوتەکاندا دەژیان، هیچ جیاوازییەك لەنێوان مرۆڤێكو مرۆڤێکی تردا نەبوو، هەموو وەکویەك بەڕۆژ ڕاویان دەکردو بەشەویش لەپەناو پەسێرێکدا ڕۆژیان دەکردەوە. ڕەوایە پرسیارێك لەخۆمان بکەین: ئایا لەو قۆناغەدا چی شتێك وایکرد کە هەندێ مرۆڤ ملکەچ بکات بۆ هەندێکی تر؟ لەوەڵامێکی کورتو سادەی ئەم پرسیارەدا دەبێت بڵێین: دوو فاکتەری سەرەکی بووە هۆی ئەوەی کە هەندێك لەمرۆڤەکان ببنە کۆیلەی هەندێکی تریان، بەمانایەکی تر هەندێك مرۆڤ بوون بەدەسەڵاتدارو هەندێکی تریش جێبەجێ کەری فەرمانەکان، ئەو دوو فاکتەرەش (ژیریو ئازایەتی) بوون.

لەبەرئەوەی توانای مرۆڤەکان هەرگیزو هیچ کات یەکسان نەبووە بەیەك، بۆیە کاتێك مرۆڤەکان لەو قۆناغەداو بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان ڕاویان کردووە، هەموو وەکویەك نەیانتوانیوە دەستکەوتی پێویست بەدەست بهێننو بژێوی ڕۆژانەیان دابین بکەن، ئەوەی ژیرو ئازابوایە، زیاتر لەپێویستی خۆی دەستکەوتی دەبوو، بەڵام هەندێکی تریان بەبێ هیچ دەستکەوتێك دەگەڕانەوە، لەحاڵێکی وادا ناچاردەبوون چاو لەدەستی کەسە ژیرو ئازاکەبن کە خۆراکی زیاد لەخۆیان بداتێ، بێگومان ڕاستییەکی تر هەیە دەبێت بڵێین: کە هەمیشە کەسە ژیرو ئازاکان

زۆر كەمتربوون لەخەڵكە زۆرەكەی كۆمەڵ . ئەم حاڵە وایكرد زۆرینەیەكی خەڵك، ئەوانەی كە نەیاندەتوانی بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆیان پەیدابكەن چاو لەدەستی یارمەتی كەمینەیەكی ژیرو ئازای كۆمەڵی ئەو قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتی بن.

هەرلەم رێگەیەوە بوو كە كۆمەڵ گۆرانی گەورەی بەسەرداهات، قۆناغی كۆمۆنەی سەرەتایی كۆتایی هاتو قۆناغی كۆیلایەتی لەدایك بوو.

ئەم دیمەنەی خستمانە روو سەرەتاكانی چەكەرەكردنی دەسەڵاتمان پێ نیشاندەدات كەچۆنو بەچ شێوەیەك كاروباری ئیدارەی زۆرینەیەكی خەڵكی لەلایەن كەمینەیەكی دەسەڵاتدارانەوە بەرێوەبراوەو دواجاریش لەقۆناغێكی مێژوویی باڵاتردا هەموو لایەنە گرنگەكانی تری ژیان هەر لەلایەن ئەوانەوە پاوانو كۆنترۆڵكراوە.

ئەمانە لەلایەك، لەلایەكی تریش دەبێت بڵێین: كە زۆرێك لەزانا سایكۆلۆژیو سۆسیۆلۆژییەكان، پێیان وایە كە خواستی ئازادیو خۆبەرێوەبردن لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤدا لەدایك دەبێتو بەشێكە لەسروشتو پێكهاتەی، ئەوەی كە نەیهێڵاوە ئەم خواستەی مرۆڤ هەمووكاتێكو لەهەموو جێگەیەك بێتەدی دەسەڵاتداران بووە، هەمیشەو لەهەموو جێگەیەكدا بەبیانوو شێوازی جیاجیا، گرتنە دەستی دەسەڵاتو حكومڕانیكردنیان بۆ خۆیان بەرەوا زانیوەو زۆرینەی خەڵكیان لێی بێبەشكردووە. بەڵام سەرباری هەموو زەبروزەنگو سەركوتكردنێكی دەسەڵاتداران، مرۆڤ هەرگیز بەئاسانی دەستبەرداری خواستی خۆبەرێوە بردن نەبووە، بەدرێژایی مێژوو لەخەباتی بەردەوامی بێ پسانەوەدا بووە.

خۆبەرێوەبردن، یان بەشداریكردنی خەڵكی لەدەسەڵاتدا، رەگێكی مێژوویی زۆر دێرینی هەیەو بۆ سەردەمی شاری ئەسینای یۆنانی دەگەرێتەوە، لەو سەردەمەدا، لەئەسینا ئەنجوومەنێك هەبوو، هەموو هاووڵاتییەك دەیتوانی لەرێگەیەوە بەشداری لەدەسەڵاتدا بكات، لەو ئەنجوومەنەدا بریار لەسەر سیاسەتی وڵاتو بەرێوەبردنی كاروبارەكان دەدرا، ئەنجوومەن كە لەهەموو هاووڵاتیانی شار پێكدەهات حكومڕانی شاربوو، ئەوەی لەم ئەزموونەدا زۆر جێگای تێرامانە ئەوەیە كە هەموو مانگێك، هەندێ جاریش ساڵانە خەڵكی حكومەتیان دروست دەكردو بەشێوەی دەوری دەسەڵاتو كاروباری سیاسیو ئیداریو ئابووری وڵاتیان بەرێوەدەبرد. ئەم ئەزموونەی ئەسینا پێی دەگوترێت حوكمی راستەوخۆی خەڵكی، یان خۆبەرێوەبردنی راستەوخۆ.

رەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین: جگە لەم ئەزموونەی شاری ئەسینا هەتا ئێستا مێژوو ئەزموونێكی تری ئاوهای بەخۆیەوە نەبینیوە. كاتێك ئەمە دەڵێین دەبێت بزانین خۆبەرێوەبردن مەرج نییە راستەوخۆبێت، بەتایبەت ئێستا كە ژیان بەهەموو مانا فراوانەكەیەوە بەو سادەو ساكارییەی جاران بەرێوەناچێت، بۆیە ئاساییەو تەنانەت پێویستیشە كە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ خەڵكی داكۆكی لەدەسەڵاتی خۆیان بكەن، ئەمەش لەرێگەی نوێنەرەكانیانەوە دەبێت.

ئەگەر بەپەیڕەی ئەم تەرزە باسانەدا زیاتر هەڵزنێین پێویست دەكات قسەیەكیش لەچەمكی نوێنەرایەتیكردنی خەڵكی بكەین. نوێنەرایەتیكردن، ئەومانایەی هەیە كە چەند كەسێكی دیاریكراو لەرێگەی پرۆسەی دەنگدانو هەڵبژاردنەوە دەبنە نوێنەری زۆرینەیەكی خەڵكی، لەحاڵێكی وادا ئەو نوێنەرەی كە متمانەی نوێنەرایەتیكردن بەدەست دەهێنێت ئەركێكی فرەو قورسو هەمەلایەنەی دەكەوێتە ئەستۆ.

پێش ئەوەی قسە لەوردەكارییەكانی ئەم چەمكە (نوێنەرایەتیكردن) بكەین، پێویست دەكات شتێكی تر لەسەر خۆبەرێوەبردنی ناڕاستەوخۆ بكەین، ئەویش ئەوەیە كە سەرباری هەبوونی نوێنەر، هەمیشە خەڵكی خواستی ئەوەیان هەیە كە خافڵ نەبن لەوردەكاریو شتە گشتیو تایبەتییەكانی نوێنەرەكانیان، هەمیشەو لەرێگەی جۆراوجۆرو بەشێوەی جیاجیا لەهەڵپەی ئەوەدان گوێبیستی دانیشتنو كۆبوونەوە تایبەتییەكان بن، ئەمە بەو مانایەدێت كە نوێنەرەكان هەمیشە لەژێر چاودێریو لێپرسینەوەی وردی خەڵكیدان، لەسۆنگەی ئەوەوەی كە هەموو دەسەڵاتێكی سیاسی لەجەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش یەكێكە لەپایە سەرەكییەكانی سیستمی دیموكراسی، بۆیە دەبێت خەڵكی بتوانن دەسەڵاتی سیاسی بگۆرن.

لەحاڵێكی وادا دەسەڵاتداران نابێت شتێكی شاراوەیان لەبەرامبەر خەڵكیدا هەبێت، بەتایبەت بۆ مەسەلە چارەنووسسازەكانو بەرژەوەندی گشتی تاكو كۆی كۆمەڵ.

سەرباری هەبوونی نوێنەر، هەمیشە خەڵكی دیانەوێت دەستیان بگاتە فایلاتی دەزگاكانی دەوڵەتو كەشفی نهێنییەكان بكەن، تەنها ئەوكاتانە خۆبەرێوە بردن لەرێگەی نوێنەرەوە مانایەكی دەبێت كە دەوڵەت لەچوارچێوەی یاسای تایبەتیدا، وەكو پێویست رێگە بەخەڵكی

بدات قسه لەچارەنووسی ژیانو ئایندەی خۆیان بکەن، بەمانایەکی دی بەبێ هیچ ڕێگرییەكو بەئازادانه وردەکارییەکانی دیموکراسی پیادەبکەن.

ئەگەر دەسەڵاتداران کەشێکی ئازادو دیموکرات بۆ خەڵکی بخولقێنێت، ئەوا خەڵکیش لەبوارە جیاجیاکاندا هۆشیارییان باڵا دەکاو پێدەگات، ئەرکی دەوڵەتە کەخەڵکی لەهەموو وردەکارییەکانی ژیانی سیاسیو حزبی تێبگەیەنێت، هەروەها مافی رەخنەگرتنو رەتکردنەوەی بڕیاریشی بەتاكو کۆی کۆمەڵ ببەخشێت.

هەموو ئەمانە ئەگەرچی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤن، بەڵام خۆراکێکی پێویستن بۆ بەرجەستەکردنی ژیانی دیموکراسی، بەپێچەوانەی ئەم پرانسیپانەشەوە، دیموکراسی مانایەکی نییە. چونکە دیموکراسی هەرتەنها خۆزگەیەك، یان خواستێك نییە، هەرواو لەخۆڕاش دروست نەبووەو نابێتو لەکۆمەڵدا نەچەسپیووە، بەڵکو درێژەی خەباتێکی بێوچانی فکریو مەعریفیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری مرۆڤە.

بەڵام دەبێت بزانین کە ئەم مەسەلانە تەنها بەدەسەڵاتدارانەوە پەیوەست نییە، بەڵکو جگە لەوان پەیوەستیشە بەهاووڵاتیانەوە. روونتر بڵێین: دروستبوونی کەشی دیموکراسو ئازاد هەرگیز بەبێ هۆشیاری تاكو کۆی کۆمەڵ بۆ مەسەلە گشتیو تایبەتییەکان دروست نابێت.

دیموکراسی تەنها ئەوکاتانە بەجوانی دەچەسپێت کە هاووڵاتیانو دەسەڵاتداران، هەردوولایان هاوکێشەی مافو ئەرك هاوسەنگ رابگرن، ئەمە بەومانایەی کە دەسەڵاتداران ئەرکی سەرشانیانە جگە لە بەرقەرارکردنی ئازادی، سەروماڵی هاووڵاتیانیش بپارێزن، کاریان بۆ بدۆزنەوە، کێشەکانیان لەڕێگەی یاساوەو وەکویەك بۆ چارەسەربکەن. هاووڵاتیان مافی خۆیانە داوای ئەمانە لەدەسەڵاتداران بکەن. لەبەرامبەر ئەمەشدا پێویستەو ئەرکی سەرشانی هاووڵاتیانە کە لەیاسا لانەدەن، خۆیان بە بەرپرس بزانن لەبەرامبەر کۆمەڵدا، ئامادەش بن بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەرکێشەیەك، یان داگیرکارییەك کە وڵات دوچاری دەبێت.

ئەگەر ئەمانە بەشێوەیەکی دروست بەڕێوەنەچنو نەبن بە بەشێك لەکەلتوری کۆمەڵ، (نوێنەرایەتیکردن) لەجیاتی ئەوەی کار ئاسانی بکات لەبەڕێوە بردنی کاروباری وڵاتدا، وەك فاکتەرێکی چەواشە دەردەکەوێت، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە لەمپەری سەرڕێی پێشکەوتنو شارستانی کۆمەڵ، وەك چۆن لەزۆربەی وڵاتە تاکرەوو دیکتاتۆرەکاندا ئەم حاڵە بەرچاو دەکەوێت.

(پارلەمان) کە لەپزدانی چەمکی (نوێنەرایەتی) یەوە لەدایك بووە، سەرەتا زۆرێك لەخەڵکی لێی بەگومان بوونو لەدژی وەستانەوە، بەڵام دواجار لەژێر هەژموونی چڕو ئاڵۆزی رۆژ بەڕۆژی مەسەلە سیاسییەکان بەخستنەڕووی مەرجی تایبەتی وەك دیفاکتۆیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی پەسەندیان کردو گوێڕایەڵی بڕیارەکانی بوونو مامەڵەیان لەگەڵداکرد، مەرجەکانیش ئەمە بوو کە ئەندامانی پەرلەمان، کە متمانە پێکراوی خەڵکن، هەربەم پێودانگەش دەبێت کارگوزاری خەڵك بن، ئەگەر هەرئەندامێك ئەم کارگوزارییەی پێنەکرێت، ئەوادەبێت لەکارەکەی لاببرێتو متمانەی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی لێدەسەندرێتەوە. لەسیستمی دیموکراسیدا، خەڵکی وەك ئەندامێکی بەرپرسی کۆمەڵ بۆیان هەیە دەست وەردەنە ناو کاروباری وڵاتەوە، ئەمە بەومانایەی کە بۆیان هەبێت لەهێزی سەربازیو دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیسیش بکۆڵنەوە.

بەڵام بابپرسین ئەم رەوشە چۆنو لەکوێو کەی دروست دەبێت؟

لەوەڵامێکی سادەو کورتدا دەتوانین بڵێین: تەنها لەوکاتانەدا دروست دەبێت کە دیموکراسی لەوڵاتدا بەرقەرار بووبێت، نوێنەرو کاربەدەستانی وڵات، هەر بەڕاستی کارگوزاری خەڵکی بن. هێزەکانی سوپاو پۆلیسو ئاسایش بەشێوەیەکی ئاساییو سروشتی دروست بووبن، هەربەڕاستی لەپارێزی وڵاتو سەروماڵی هاووڵاتیاندابن.

ئەگەر وانەبێت ئەوا مەحاڵە خەڵکی بتوانێت توخنی هێزەکانی سوپاو جەنەڕاڵە سەربازییەکانو پیاوانی پۆلیسو ئاسایش بکەون، چ جای ئەوەی قسە لەکارلابردنیان بکرێت. جگە لەمانە راستییەکی ترهەیە دەبێت درکی پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە" لەهەر شوێنێك ئەگەر کاروباری دەوڵەت لەلایەن جەنەراڵاتی سەربازییەوە بەڕێوەبرا، ئەوا مافەکانی مرۆڤو مەسەلە دیموکراسییەکان لەنزمترین ئاستدا دەبینرێن.

لەپەراوێزی ئەم قسانەدا پێویست دەکات تیشکێك بخەینە سەر رێگاکانی نوێنەرایەتیکردن (هەڵبژاردن) ، چونکە ئەوەی شەرعیەت بەنوێنەرایەتیکردن دەدات، دەنگدانو هەڵبژاردنە.

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسی گرنگە، لەڕێگەیەوە دەتوانرێت کێبەڕکێ سیاسیو حزبییەکان بەشێوەیەکی دروستو دیموکراسیانە یەکلابکرێتەوە.

www.kurdistannet.org
19-3-2003 23:00

لەبەرئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەر وڵاتێکدا پرۆسەیەکی مەدەنی چارەنووسسازە، راستەوخۆ پەیوەستە بەژیریو تەمەنی مرۆڤەوە، واتە تەنها ئەو کەسانە مافی دەنگدانیان هەیە کە لەرووی ژیرییەوە بێ کەموکورتی بن، سەبارەت بەتەمەنیش لەسەروی (١٨) ساڵەوە بێت، بۆیەش (١٨) ساڵ دیاریکراوە، چونکە زۆرێك لەزانا سایکۆلۆژییەکان، هەروەها یاساناسان پێیان وایە کە مرۆڤ بەگشتی هەتا تەمەنی (١٨ ) ساڵی پێویستی بەرێنمایی گەورەکان هەیە، ئەگەر ئەمە زۆر راستیش نەبێت، هەردەبێت سنوورێك بۆ تەمەنی مرۆڤ لەپرۆسەی دەنگدانو هەڵبژاردندا دیاریبکرێت، چونکە بەبێ دیاریکردنی تەمەن، رەنگە پرۆسەی هەڵبژاردن، کە پرۆسەیەکی شارستانیو مەدەنییو دیموکراسییە، لەشکۆی دێتە خوارەوە.

لەزۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکاندا، هەڵبژاردن مافێکە، جگە لەبێگانەکانی وڵات، هەروەها تاوانبارانیش، دراوە بەهەموو مرۆڤێکی ژیری تەمەن سەروی (١٨) ساڵ.

لەهەندێ وڵاتدا، لەوانە ئوستورالیا، وا سەیری هەڵبژاردن دەکرێت کە جگە لەماف، هەروەها ئەرکی هاووڵاتیانیشە کە بەشداری تیادابکەن، بەڵام دەبێت بزانین کە هەڵبژاردن جگە لە (ماف) هەرگیز نابێت وەکو (ئەرك) یش بدرێتە قەڵەم.

یەکێك لەو رەخنانەی کە لەسیستمی دیموکراسی هەندێ لەوڵاتان دەگیرێت ئەوەیە، چۆن دەبێت بەشداریکردن لەهەڵبژاردن بکرێتە ئەرکێك بۆ مرۆڤ، لەکاتێکدا مرۆڤ ئازادە لەدەنگدان، یان دەنگ نەدان؟ ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت لەبەشداریکردن، یان نەکردنی هەڵبژاردن، ئەوا هەڵبژاردن کەبناغەو ناوەرۆکێکی دیموکراسی هەیە، وزەی راستەقینەی خۆی لەدەست دەدات.

یەکێکی تر لەو رەخنانەی کە هەمیشە رووبەڕووی سیستمی دیموکراسی دەبێتەوە ئەوەیە کە کاتی هەڵبژاردن لەدەستی دەوڵەتدایە، بۆ دەبێت لەدەستی خەڵکیدا نەبێت؟ واتە خەڵکی بتوانێت پێش وادەی تەواوبوونی ئەو ئەنجوومەنە، یان پارلەمانەی کە دروستیان کردووە، بگۆڕنو کەسێکی شیاوتر لەبری هەڵبژێرن، ئەمە لەوکاتانەدا کە ئەگەر ئەو کاندیدە هەڵبژاردراوە، نەیتوانیبێت پەیامی دەنگدەرانی جێبەجێ بکاتو متمانەمی خۆی لەدەست دابێت.

## دیموکراسی، حوکمی زۆرینە، توندڕەوی کەمینە

ئەگەر راستە دیموکراسی بریتییە لەدەسەڵاتی زۆرینە، دەبێت بپرسین: لەسایەی سیستمێکی وادا چارەنووسی کەمینەکان بەچیو بەکوێ دەگات؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەبێت بڵێین: تەنها ژمارەو بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگ لەهەڵبژاردندا نابێتە پێوەر بۆ دەرخستنی دیموکراسی، ئەوەی لەم مەسەلەیەدا جێگای باسە ئەوەیە کە دەبێت رێز لەپرۆسەی دەنگدان بگیرێتو ئەنجامەکانیشی قبوڵ بکرێت، بەڵام ئەمە ناماتە ئەوەی کە ئەو هێزو لایەنەی نەیتوانی لەپرۆسەی دەنگداندا زۆرینە بەدەست بهێنێت ئیتر هیچ رۆڵێکی لەکۆمەڵدا نابێت، یان بۆی نییە قسە لەوردەکارییەکانی دەسەڵات بکات.

دیموکراسی کاتێك وەك سیستمێکی شیاوی حوکم پەسەنددەکرێت، ئەگەر رێز لەئیرادەی خەڵکی (هەموو خەڵك) بگیرێت، چونکە دیموکراسی نابێت تەنها تەعبیر بێت لەحوکمی زۆرینەو مافی کەمینەکان پێشێل بکرێت، مەبەستیشمان لەزۆرینەو کەمینە هەموو مەسەلە سیاسیو نەتەوەییو رەگەزیو حزبییەکانە. لەسایەی سیستمی دیموکراسیدا، مەسەلەی زۆرینەو کەمینە جێگیرنییە، ئەمەی وادەکات کە سیستمی دیموکراسی، وەك سیستمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ مرۆڤ پەسەندبکرێت ئەوەیە کە هەموو گروپو لایەنو حزبێك لەدرێژەی کارو چالاکییەکی رۆژانەیاندا پرەنسیپەکانی خۆیان بەبێ هیچ بەربەستو سانسۆرێك پیادە دەکەن، ئەو حزبو لایەنەی کە لەکێبەرکێ دیموکراتییەکاندا ناتوانێت متمانەی زۆرینە بەدەست بهێنێت دەشێ لەخولێکی تری دەنگداندا بتوانێت ئەو متمانەیە بەدەست بهێنێت.

ئەو حزبو گروپو لایەنەی کە لەپرۆسە دیموکراتییەکاندا وەك کەمینە دەردەکەون، مانای ئەوەنییە ئیدی هیچ مافێکی تریان نییە، بەپێچەوانەوە، لەرێگەی دابینکردنی مافەکانی کەمینەوە، دەسەڵاتداران دەتوانن سیستمی دیموکراسی بەچاکترین شێوە پیادەبکەن، مافەکانی کەمینەش وەکو هەر تاکێکی کۆمەڵ، جگە لەداکۆکیکردن لەپرانسیپەکانی ئەو حزبو لایەنە، بریتییە لەئازادی رادەربڕین، خۆکاندیدکردن، کۆچو سەفەر، مانگرتن، خۆپیشاندان، رەخنەگرتن. . هتد.

بەڵام سەبارەت بەهەندێ مافی سەرەتایی کەلتوری مرۆڤ، نابێت مەسەلەی کەمینەو زۆرینە ببێتە پێوەر لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا، چونکە هەموو نەتەوەیەك، یان ئاینێك، جۆرێك لەتایبەتمەندیو دابو نەریتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە رێز لەکەلتوری هەموو نەتەوەو ئاینێك بگیرێت.

لەسایەی سیستمی دیموکراسیداو هەرسەبارەت بەمەسەلەی کەمینەو زۆرینە، کێشەیەك هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەویش ئەوەیە" هەندێ جار کەمینەکان بەشێوەیەکی توندڕەوانە مامەڵە لەگەڵ ژیانی دیموکراسی ولاتدا دەکەن، پێیان وایە کە دیموکراسی جێگای توندوتیژی تیا دەبێتەوە. . لەم حاڵەدا زۆرینەی دیموکراتیخوازان دەبێت دان بەخۆیاندا بگرنو بەعەقڵێکی کراوە ترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوجۆرە حزبو گروپو لایەنانەدا بکەن، یاسایەك پەیڕەوبکەن کە بوار بەتوندوتیژی نەدات، چونکە ئازادی رەها بەشێوەیەك لەشێوەکان دەرفەت بەهەندێ گروپ دەدات کە خواستە تایبەتییەکانی خۆیان بسەپێنن. لەحاڵێکی وادا لایەنگرانی پرانسیپی دیموکراسی پێویستە ئەوە بەجوانی بخوێننەوە کە ئەگەر ئەوکەسانەی ئەمڕۆ کەمینەنو لەپەنای کەشی دیموکراسیدا رادیکالانەو زۆر بێ پەروا قسەدەکەن، رەخنەدەگرن، ئەگەر لەدەرفەتێکدا دەسەلات بگرنەدەست، ئەوا هیچ بوارێك بۆکەسی نەیاری خۆیان، بۆپیادەی ژیانی دیموکراسی ناهێڵنەوە، بۆیە دەبێت بزانین کە دیموکراسی هەرگیز دەرفەت بەدەمارگیریو توندوتیژی نادات کە لەپێزدانی خۆیدا بیرکردنەوەیەکی لەوجۆرە گەشە بکات.

لەسایەی سیستمی دیموکراسیدا کەمینە ئاینیو نەتەوەییەکان دەتوانن دەوڵەت ناچاری ئەوەبکەن کە نەك هەردان بەمافەکانیاندابنێت، بەڵکو بەهەموو شێوەیەك بەرگرییان لێ بکرێت، بەڵام ئەمە تەنها ئەوکاتانە دێنەدی کە ئەو کەمینانە بەشێوەیەکی کراوەو دور لەهەموو توندوتیژییەك داوای مافی خۆیان بکەن.

لەسایەی سیستمی دیموکراسیدا دەشێ لایەنێك، یان حزبێکی رادیکاڵو هەندێ جاریش توندڕەو، یان هەرسەندیکاو کۆمەڵەو رێکخراوێك، لەچوارچێوەی کاری تایبەتیو گشتی رۆژانەی خۆیاندا بەدوای هەندێ نهێنیو شتی زۆر تایبەتدا بگەڕێن، ئەو نهێنییانە ئاشکرابکەن، دواجار وەکو چالاکییەك، یان وەکو ئەرکێکی سەرشانیان بیدەنە قەڵەم، لەکاتێکدا ئاشکراکردنی ئەو نهێنیانە زیان بەزۆرینەی خەڵکی بگەیەنێت، ئامانجیش لەئاشکراکردنی ئەو نهێنیانە، زۆرجار ئەوەندەی لەدژی دەسەلاتو دەوڵەت ئەنجام دەدرێت، ئەوەندە ئامانج لێی خزمەتی گشتی کۆمەڵ نییە. لەحاڵێکی وادا چاکتروایە دەوڵەت خۆی لەرێگەی دامودەزگا تایبەتییەکانییەوە، خەڵکی لەکێشەو کەموکورتییەکان ئاگادار بکاتەوە، خەڵکیش لەمەترسی بەردەوامبوونی ئەوکێشانەش ئاگادار بکاتەوە. بەمانایەکی دی بەشێوەیەکی بابەتیانەو واقیعیانە هەم خۆیو هەم بوار بدات بەخەڵکی کەقسە لەناتەواوییەکانی وڵات بکەن پێش ئەوەی توندڕەوەکان وەکو هەلێك بیقۆزنەوە وەکو بانگەشەیەك بۆ خۆبردنەپێشەوە بیخەنەڕوو. . ئەمەش یەکێکە لەو مەسەلانەی کە زۆرجار دەسەلاتدارە دیموکراتیخوازەکان رووبەڕوی دەبنەوەو هەندێ جاریش توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.

بەکورتی بڵێین: بۆ چارەسەری کێشەی لەجۆرە، پێویستە بەشێوەیەکی ژیرانەو یاسایی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئێستا پرسیارێك رەوایە لەخۆمانی بکەین" ئایا لەحاڵەتێکی ئاوهادا دەکرێت مەودای هەندێ مافی سیاسیو مەدەنی تەنگەبەر بکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند بۆچونێکی جیاواز هەیە. هەیە پێی وایە بەڵێ، لەبەرژەوەندی گشتی دەکرێ، چونکە ئەم تەنگەبەرکردنە تەنها بۆ ماوەیەکی کاتییەو تایبەتە بەهەندێ لایەنی دیاریکراوەوە کە ئەگەر لەدژیان نەوەستنەوە بەرژەوەندی کۆمەڵ بەرەو ئاقارێکی خراپتر دەبرێت.

بەڵام هەندێ کەسی تر پێیان وایە نەخێر بەهیچ شێوەیەك رەوا نییەو نابێت بەهیچ بیانوویەکەوە مافە سیاسیو مەدەنییەکان لەکۆمەڵدا تەنگەبەر بکرێنەوە، چونکە ئەم جۆرە مامەڵیە دەبێتە دەستپێکێك کە دەسەلاتداران لەسەری رابێن بۆ سەرکوتکردنی هەر مافێکی تر.

حیکمەتو فەلسەفەی سیستمی دیموکراتیش لەقبوڵکردنی رای ئەوی دیو دەستەبەرکردنی ئازادییەکان لەئاستێکی فراواندا دەردەکەوێت.

سیستمی دیموکراسی هەتا ئەوکاتە مایەی پەسەندە کە جیاوازییەکان بەهەموو شێوەکانییەوە قبوڵ بکات. ئەگەر وانەبێت دیموکراسی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دیکاتۆریدا نابێتو خودی مانای دیموکراسی جگە لەمەسەلەیەکی گاڵتەجاڕی هیچی دی نابێت.

**دیموکراسی حوکمی یاسا**

دیموکراسی پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەیاساوە هەیە، کە دەتوانین بێ دوو دڵی بڵێین: مەحاڵە بەبێ حوکمی یاسایەکی شیاوی عادیلانە، کە هەموو مرۆڤەکان لەبەرامبەریدا یەکسان بن، لەهیچ جێگایەکدا سیستمی دیموکراسی بچەسپێت.

وەکو لەسەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان پێکرد کەڕەگی قوڵی دیموکراسی بۆ سەردەمی پێش زاینی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، هەر لەو سەردەمەدا بوو کە (ئەرستۆ) تیزە فکریو فەلسەفییەکانی خۆی پەخشکردو رایگەیاند کە چاکترین سیستم بۆ ژیان، سیستمی یاسایە، سیستمی بێ یاساش جگەلەوەی بەکەڵکی ژیان نایەت، بۆیە هەمیشە ئەگەری نغرۆبوونو فەوتانی لەئارادایەو پێویستە.

مەبەستی (ئەرستۆ) لەسیستمی یاسا، ئەو سیستمیە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ وەکویەك لەبەرامبەر یاسادا یەکسانو بەرپرس بن. بۆنموونە ئەگەر کاربەدەستێکی دەوڵەت، بەشێوەیەك لەشێوەکان یاساشکێنێکی کرد، بەمانای ئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی تاکەکەسی خۆی خستە سەروی بەرژەوەندی گشتییەوە، ئەوا ئەوکەسە بەپێی یاسا، لەلایەك دەبێت لەسەرکار لابرێتو یەکێکی شیاوی تر لەجێگەی دابنرێت، لەلایەکی تریش بدرێتە دادگا، دادگاش بەپێی بڕگە تایبەتییەکانی خۆی لێپێچینەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات

بۆ ئەمە کۆمەڵ پێویستی بەسەربەخۆیی دەسەڵاتی یاساداناو دادوەری هەیە. ئەگەرچی هەموو کەسێك ئەم تەرزە باسانەی لەلا پەسەندو شیاو نییە، بۆنموونە (تۆماس جیفەرسۆن- ١٧٤٣-١٨٢٦) سێیەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا پێی وایە، پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن هێزی یاسادانەرانەوە کارێکی باش نییە، چونکە ئەم رەوشە تاکڕەوی لێدەکەوێتەوە.

ئێستا رەوایە بپرسین: ئایا دادوەرەکان کە خۆیان یاسادانەرو جێبەجێکەرن، لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دادەنرێن؟ لەوەڵامێکی کورتو سادەدا دەتوانین بڵێین: نەخێر، بەڵکو لەلایەن لیژنەیەکی سەربەخۆی دادوەرانەوە دادەنرێن، چونکە سیستمی دیموکراسی پێویستی بەهەیئەتێکی دادوەری بێلایەن هەیە کە هیچ مەرجێکی سیاسیو حزبی کاری لێنەکات، بەلەبەرچاو گرتنی مافەکانی مرۆڤ کاروباری وڵات ببەن بەڕێوەو لەدەستوری وڵاتدا کاری پێ بکەن.

لەم حاڵەدا کاربەدەستانی دەوڵەت توانا، یان مافی ئەوەیان نابێت کە دادوەرێك لاببات، یان دەست وەرداتە ناو کاروبارەکانیانەوە، بەپێچەوانەوە ئەوان کار لەجموجۆڵی دەوڵەت دەکەن، هەربەم پێودانگەش سنوور بۆ دەسەڵاتو هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت دادەنێن.

بەکورتی بڵێین: لەسیستمی دیموکراسیدا یاسا چاودێری هەڵسوکەوتو جموجۆڵی مرۆڤ، لەوانە کاربەدەستانیش دەکات. لەحاڵێکی وادا تاکەکەس ناچارە ملکەچی ئەو یاسایانە نەبێت کە کاروباری وڵاتی پێ دەبرێت بەڕێوە.

بەڵام لەم نێوەندەدا مەسەلەیەکی گرنگ هەیە کە دەبێت جگەلەوەی بەبیرخۆمانی بهێنینەوە، هەروەها دانیشی پێدابنێین، ئەویش ئەوەیە، سەرباری گرنگیو پێویستی یاسا بۆ وڵات، سەرباری هەژموونو دەسەڵاتی رەهای یاسا بەسەر هەڵسوکەوتو جموجۆڵەکانی تاکەکەس لەکۆمەڵدا، ئایا بەدرێژایی مێژوو یاسا پاشکۆی دەسەڵاتداران نەبووە؟

هەر لەدێرزەمانەوە باس لەپیرۆزی یاسادەکرێت، هەر شوێنێکیش بێ مافی، یان گەندەڵی ئیداری هەبێت، یەکسەر هۆکارەکەی بۆ نەبوونو غیابی یاسا گەڕێندراوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا رواڵەتو هەندێجاریش گەوهەری یاساکان هێند پیرۆزنین کە پیرۆزکراون، چونکە زۆرجار هەر دەسەڵاتداران خۆیان، وەك سیاسەتێکی چەواشەکارانە شکۆو هەیبەتی یاساکان بەرزو پیرۆز رادەگرن، بەشێوەی جیاجیا ئارایشتی دەکەن.

ئەوەی لەم مەسەلەیەدا زیاتر مایەی تێفکرینە ئەوەیە کە یاساکان لەگەڵ کزبوونو فەوتانی دەسەڵاتێکی سیاسیو عەسکەری دیاریکراودا، ئەمانیش (یاساکان) شکۆو وزەیان بەرەوکزیو چورتە بوون چووە.

بەڵام لەگەڵ ئەم راستییانەشدا کۆمەڵگە هەمیشە پێویستی بەجۆرێك لەیاسا، سیستم هەیە کە هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵ، بەدەسەڵاتدارانیشەوە، لەمەودایەکی مرۆیی دیاریکراودا کۆنترۆڵ بکات، چونکە بەبێ لێپرسینەوەو کۆنترۆڵکردن، هەندێ جار رەفتارو بیرکردنەوەی مرۆڤ، کۆمەڵ بەرەو هەڵتریزانو لێقەومان دەبات. لەسەر ئەم مەسەلەیە جیاوازی نێوان سیستمی دیموکراسیو سیستمی دیکتاتۆری لەوەدایە کە تاکەکەس لەژێر سایەی سیستمی دیموکراسیدا نەك هەر لەپەراوێزدا نییە، بەڵکو رۆڵی سەرەکی هەیە لەدانانو گۆڕینی یاساکانی وڵاتدا، بەڵام لەدیکتاتۆریدا (تاکەکەس- مرۆڤ) لەقەیرانێکی گەورەی ئیرادەگەریدایە.

**سەرچاوەکان**

1 ÍåÇ ÇáÏíãÞÑÇØíÉ ¡ÇáÍÑíÉ ÂáÇ ÇáÚÇáã ÊÇÑíÎ ¡ÇáÏÇÑ ÇáÎÑØ :ÇáÌÎÊ ÇáÍÏ ¡ÈÚÏÏ ÊÇÑíÎ 2001 20.
2 ÇáÏíãÞÑÇØíÉ ÇáÍÇíÊ ÇáÚÇáã ÇÎÑì ÇáÍÑÈ ¡ÇáÎÕÇÆÕ ÇáÑÇÈÚ ÇáÚÏÏ 2001 10.
3 ÚÇÑÖ ÈÃÏÇÑÏ ÇÕÏÇÑÇÊ ÍÏíËÉ 1999 10.
٤-مۆدێرنێتە، دیموکراسیو رۆشنبیران، رامین جەهانبەگلو، وەرگێڕانی: موسلح ئیروانیو موراد حەکیم.
٥-ئازادی، دیموکراسی، کۆمەڵی مەدەنی، دیڤید بیتهام، کوین بویل، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو- ١٩٩٩.
٦-دیموکراسی لەڕووی مێژوویو تیۆرییەوە، ئانتۆنی ئاربلاستەر، وەرگێڕانی رێباز مستەفا چاپی یەکەم ٢٠٠٢.

**٧-گۆڤاری (النهج) ژماره ١٦ پایزی ١٩٩٨.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت